# ئەدەبی نامە

## بۆ ئەو پیاو
## سوڵتانەکان
## نوقڵێکی حەرا
## لە گرفانیدا

عەبدوڵڵا پەشێو



سـڵاو لـە ئـێـواره زەرد هەڵگەڕاوەکانی نیشتمانەوە بۆ تۆ، لە کوچە بێنازەکانی ئەم شارەوە بە بارتەقای ئاسمانێک دڵم داوات ئەکات، سڵاو شاعیرە جوانەکەی نیشتمان، غـەریبت ئـەکـەم و حەسرەتەکانت ماچ ئەکەم، ئەی ئەو پیاوەی لە بەردەم کورسییە سارد و سڕەکاندا چۆکت دا نەدا بیرت ئەکەم، نازانم ئەم نامەیە ئەگات یان چارەنووسی بەهەمان چارەنووسی نامەکەی (کافکا) ئەچێت، ئەمێستا شیعرەکانت بێ مروەت بوون هەواڵی تەندروستی تۆم پێ نادەن نا، گەورەم ئەوە موفتی بوو ئەیووت: لە دوای مەرگ پیاوەگەورەکان ئەناسیتەوە، من سوێندت بۆ ئەخۆم بەو خودایەی لە شیعرەکانی مەحویدا هەیە، تۆ ئەو ئەستێرەیەی هیچ ئاسمانێکی تاریک خامۆشت ناکات، وەک ئەو ئێوارانەی نیشتمان هەڵئەکورما بە دیار ئازارەکانیەوە، لە ڕۆحمانای، من لە پۆلەکەما شیعرەکانت کراون بە ملوانکە و کراون بە گەردنی دیوارەکەدا، سوێند بەو شیعرانەت نائومێدییان لێ ئەچوڕا، گەر تۆ نەبای ئەدگاری خوێناوی نیشتمانم فەرامۆش ئەکرد، گەورەم ئێستا هـەزاران شاعیر گەورەیان هەیە، پادشاکان، بـەڵام ئـەوان بێباڵن ناگەنە هیچ ئاسمانێک، ئەوان گوڵی نایلۆنن نـەک گوڵی حەقیقەت، گـەورەم بە هاوڕێکانم وت: ئەو پیاوە نوارنییە فەرامۆش نەکەن، هەر ئـەوە بە دیـار غەریبیەکانی نیشتمانەوە چـرای عـومری وا خەریکە شەو ئەیکوژێت، گەورەم من بە نیشتمانم وت: هەناسەی ئەو پیاوەت بیر نەچێت، پڕ لە عەتر، من بە شیعرم وت: چاو لەوکە، چاوشۆڕ و سەرشۆڕ مەبە، (باسکاڵ) ئەیوت: ئـەوەی دڵ دەیزانێت عەقڵ ناچێتەوە سەری، تۆ کەی دێیتەوە من هەلاهەلا بووم بەدەست ئەو شاعیرە درۆزنانەوە، دەستیان لە خوێنی نیشتماندایە و فێری گریانمان دەکـەن، ئەو شاعیرانەی دەرباری بەردەم ماڵی سوڵتانەکانن، ئـەو شاعیرانەی بوونەتە بارۆکەس خۆشی ناوێن، کەی دێیتەوە عەیامێکە نیشتمان بیرت ئەکات، چاوەڕێتە گەورەم، بێـرەوە ڕدێـنـە سپیەکەت ماچ ئەکەم، نەوەکانی (مارتن لوتەر کینگ) ڕزگاریان بوو، ئەوە هەر ئێمەن کەساسیی ئەکێشین و وەک گۆشتی خێر دابـەش ئەکرێین، نەوەکانی قازی و شێخی پیران بە ریزێک فەتوای ساختەوە بە بەرچاوی دنیاوە لە دار ئەدرێین، کەسێک نییە بڵێ: لێیان گەڕێن، ماندوو بـوون بە دەسـت جەنگ و بۆنی خوێنەوە، ئەو منداڵەی هەواڵت ئەپرسی بۆ لە تێک نان، ئێستاش بەردەبێتە گیانی مردوی شەقامەکان، ئێستاش لە لاوک و لە حەیرانا لە مزگەوت و دیوەخانا شکستەکانی رابردوو بە مناڵەکان دەفرۆشن، لەوانەی چوارەمەوە مناڵەکان هەرچاوەڕێتن و هیچیان نەهێنا، گەورەم هەتا ئێستاش بژی چەوساوە، بژی کرێکار، کارێکی نەکرد، هەر خاڵی و برسیە سکی ئـەوان، کە لە بارەگای (یۆنان) دەریانکردی بڕیارتدا ئەو چیرۆکە بۆ منداڵان بگرێتەوە، نیشمان تەنها لە ژیاننامەی شەهیدەکاندا ماوە، چاوەڕێتم لە زمانی (نیچە)وە پێت ئەڵێم: هەمووما‌ن دووچاری ژیانین موسافیرێکی غەریبین کەسێک نییە پێمان بڵێت ئەرێ لالۆ بۆ کوێ ئەچن، ئێستاش سەرمان شۆڕ و ملمان هەرکەچ، چاومان نەگێڕاوە بۆ ئەستێرە و ئاسمان و خـودا، دەفـتـەری سووریش نایەوێت نـاومـان بنووسێت، نا گـەورەم بۆ ئەترسیت سیەکانت بزرێکن بۆ تۆزێک هـەوای وڵات، نیشتمان هێندە بێمروەت نییە، تۆی لە بیر چێت، ئەو دەمـەی سالم دەخیلی حـەزرەتـی نالی ئەبێت و پێی ئەڵێت: توخوا بەم

# بۆ ئەو پیاوەی سوڵتانەکان خۆشیان ناوێ و قڵێکی حەرامی نیشتمان لە گرفانیدا نییە!

عەبدوڵلا پەشێو

لە ژیاننامەی شەهیدەکاندا ماوە، چاوەڕێتم لە زمانی (نیچە)وە پێت ئەڵێم: هەموومان دووچاری ژیانین موسافیرێکی غەریبین کەسێک نییە پێمان بڵێت ئەرێ لالۆ بۆ کوێ ئەچن، ئێستاش سەرمان شۆڕ و ملمان هەرکەچ، چاومان نەگێڕاوە بۆ ئەستێرە و ئاسمان و خودا، دەفتەری سووریش نایەوێت ناومان بنووسێت، نا گەورەم بۆ ئەترسیت سیەکانت بزرێکن بۆ تۆزێک هەوای وڵات، نیشتمان هێندە بێمروەت نییە، تۆی لە بیر چێت، ئەو دەمەی سالم دەخیلی حەزرەتی نالی ئەبێت و پێی ئەڵێت: توخوا بەم نەوعە بە سلێمانیا نەکا گوزەر، هێندەی کەساسی ئەم حوزنەی سالم موعتادم بە شیعرەکانی تۆ و مەحوبییەوە، نالی بە حەبیبەی ئەوت: شەرتە نەڕۆم هەتا ئەو خوارە بێ تۆ، کە ڕۆیشتیش بۆ هەمیشە نەگەڕایەوە، ئەستێرە گەشەی سەرقەڵا لە ساتی شەهیدکردنی نیشتمانا هەرتۆ بووی، دۆستەکانت لە بیر نەکرد، لە سەردەمی کورتە باڵایان قاتی و نەهاتا (عەلەوی) لەوێ هات و ئێمەش لە ویژدانمانا سەری ڕێزمان بۆ دانا، ئێستاش شاعیرە دەربارەکان بێ ژمارەن، دەستیان تەنها چەپڵە لێ ئەدات، هەمیشە دەڵێن: «بەڵێ»، سوپاس بۆ تۆ کە چەکی (نا)ت هەر لە سەرپێیە، زمانت کلیلی سەری خۆتە، خودایە بە پیری نەچەمیتەوە، دەی وەرەوە لە خانەقاکەی مەحوبییەوە روو لە خۆدا بڵێ: فریادڕەسێکمان دەوێ، دڵنەوایی گوناهەکانمان بداتەوە، توخوا بێرەوە بە کەی دێتەوە دەستەکانمان وشک بوون، هەر چاوەڕێتم بێیتەوە بە حەلاج بڵێیت تا بێت و ئاگر لە دۆزەخەکانی نیشتمان بەردات، بگەڕێوە (بێکەس) نەما نیشتمان نازانێت بۆ کێ باسی کەساس و مەحزونی خۆی بکات (حەمدی) نەما ئێستا کێ پێیان بڵێن: بۆ ئاسمان کەشف ئەکەن، هەر لە سەر زەویدا ئاوڕێک لە ئێمە نادەنەوە، (قانیع) نەما کێ بڵێ: (ئەگەر مردم وەتەت لاوانی تۆ خۆش) (مەحوی) نەما کێ بە دڵی خۆی بڵێت: لە تۆ وێرانتر و خراپ حاڵتر وڵاتی (بەبە)یە، گەورەم لە شارەکەی وەلیەوە خودا لە نوری خوێت هەڵکێشیت گەورەم کە نارییەک سەر بازی ونی کرد بە گۆرانی و شەهید کرا (کاروان عوسمان)

ئەمە نامەی ئەو کوڕەیە بەخوێنیا هاتوچۆ کەی

**فازیل ئەحمەد**